


# پێنجشەمەی داهاتوو تیروپشکی جامی ئاسیا ڕادەکێشرێ

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری دا کە رۆژی ١٤ی ئەم مانگە تیروپشکی یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی هەردوو پاڵەوانێتی یانەکانی ئاسیا وجامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا ڕابکێشرێت.بڕیاریشە رۆژی پێنجشەمە لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە کوالالەمپووری پایتەختی مالیزیا تیروپشکەکە ئەنجام بدرێت . بڕیاریشە تیروپشکەکەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شاشەی تیڤیەکان بگوازرێتەوە. لە جامی ئاسیاش تیروپشکەکە بۆهەریەك لە یانەکانی (هەولێر،چۆنبۆری، شورتە، کوێت، ئیتیفاق، ئەریما، کیلانتان، وەحدات) لە جامی یانە پاڵەوانەکانیش یانە بەشداربووەکان برتیی دەبن لە هەریەك لەیانەکان (ئیتیحاد، هیلال، ئەهلی، سیپاهان، بۆنیۆدکۆر، ئۆلسان هیوندای، ئەدیلاند یونایتد، گوانگرخۆئیڤەرگراند )بڕیاریشە یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی لە مانگی سێپتەمبەر و تشرینی یەکەم بەڕێوەبچێت.

## سامح رۆستەم یانەی زاخۆی بەجێهێشت

دوای ئەوەی وەزری رابردوو هێرشبەری بەتوانای شاری سلێمانی و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گرێبەستێکی گرانبەهای لەگەڵ یانەی زاخۆ مۆرکرد، بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی یانەی زاخۆ لە هەردوو خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و خولی بژاردەی عێراقی یاری بۆیانەی زاخۆ بکات،بەڵام دوای تەواو بوونی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەهۆی پێکانێکی درێژخایەنەوە لە قاچی یاریزانی ناوبراو کە ماوەی زیاتر لە سێ مانگ دەکێشێت، دەستەی کارگێڕی ڕەزامەندی نیشاندا بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی یاریزانی ناوبراو لەسەر داوای هەردوولا، سەرچاوەیەکیش لە یانەی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد وتی « ئێمە لەسەرداوای هەردولا رێکەوتین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە چونکە ئێمە پێویستمان بە یاریزانی هێرشبەر نەبوو، لە یانەکەمان ژمارەیەك یاریزانی هێرشبەرمان هەیە هەموو مافەکانی یاریزانی ناوبراویشمان داوە ئێستاش ئازادە بچێتە یانەیەکی تر، شایەنی باسە گرێبەستی سامح رۆستەم لەگەڵ یانەی زاخۆ بۆماوەی دووساڵ بوو بڕی گرێبەستەکەشی ٥٦ملیۆن دیناربوو.



## پاڵەوانێتی شمشێربازی یاریزانانی دهۆک بەڕێوەچوو

لە شاری دهۆك لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی، بەسەرپەرشتی لقی دهۆکی یەکێتی شمشێربازی، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری یاری شمشێربازی لە شارەکە، پاڵەوانێتی شمشێربازی یانەکانی شاری دهۆك و دەوروبەری ئەنجامدرا، لە پاڵەوانێتیەکەشدا هەژدە یاریزانی کچی یانەکانی نێو شاری دهۆك بەشداریان کردبوو، توانیشیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١-شەرمین مەحمود-یانەی دهۆك
٢-زەیلان فەیزی –یانەی زێرەڤانی
٣-رەنگین تاریق –یانەی سەنحاریب
٣-هەڵەز حەکیم –یانەی زێرەڤانی







## محەمەدجەناب یاریزانی بلیاردی یانەی سەرچناروهەڵبژاردەی عێراق:

# پێویستە ڕاهێنەری بەتوانا بهێنین

**■ شــاری سلێمانی یەکێکە لەو شــارانەی کە چەندین یاریزانی بەتوانای لەسەر ئاستی عێراق پێگەیاندوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی ســەرچنار یاریزان (محەمەدجەناب)، لەدایکبووی ســاڵی ١٩٨٦ی شاری سلێمانیە ویەکێکە لە یاریزانەکان لە یاری ســنۆکەر نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردســتان بەدەســتهێناوە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی عێراق ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■**

***چۆن بووخۆت لە نێو دنیای یاری بلیارد دۆزییەوە؟**

-من ســەرەتا خۆم هۆڵی یاری بلیاردم هەبــووە، دواتریش خولیای ئەوەم هەبوو کەبتوانم یاریزانێکی باشم لێ دەربچێ بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژارد.

***ئاستی یاری بلیارد چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ماوەی چەند ســاڵێکە یاری بلیارد گرنگەیەکی زۆری پێدراوە لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستان، ئەمساڵیش هەنگاو دەنێت و بەرەوپێشەوە دەچێت، یاریزانی زۆر بەتوانا ڕوو لەم یارییە دەکەن.

*** وەکو یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشــە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-ئەگــەر ئێمە بمانەوێت گرنگــی بەم یارییە بدەین و ئــەم یارییە زیاتر پێشبکەوێت، پێویســتە ڕاهێنەرێکی بەتوانا دابین بکەین بۆیاریزانانی بلیارد بۆئەوەی ئاســت و توانیان زیاتر بەرەو پێش بچێت، یاریزانەکانیش بەردەوام بن لە یاری بلیارد.

*** بۆچی ئەم یارییە گرنگی زۆری پێنادرێت لە شارەکان ؟**

-ئەم یارییە خۆی لەلایەن یانەکانەوە گرنگی پێ نادرێت، ئەگەر یاریزانی زۆر بەتوانا لە شــارەکان هەن کە ئاســتیان زۆر بەرزە لەسەر ئاستی ئاسیا، یانەکانیــش یاریزان لە خۆیان کۆناکەنەوە بۆیە یارییەکە وای لێ دێت بچێتە دواوە.

*** حەزدەکەی یانەکانی کوردســتان ویەکێتیی بلیــارد ڕاهێنەری بیانی بهێنێتە کوردستان بۆپێشکەوتنی یارییەکە؟**

-ئەوەی هیوای ئێمەیە چەند ڕاهێنەری بەتوانا مەشقمان پێبکات، زیاتر ئاستمان پێشدەکەوێت .

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی لە یاری بلیارد؟**

-یاریزانی بەناوبانگی بلیارد سۆلیڤان .

*** بۆچی یاری بلیارد دەکەی ؟**

-ئەوە هیوای منە لە یاری سنۆکەر، سوپاس بۆخوای گەورە سەرکەوتووبووم تێیدا.

*** هیواو ئاواتت چییە لە یاری بلیارد؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لەســەر ئاســتی ئاســیاو وڵاتانی عەرەبی ببمە پاڵەوان.

*** لەماڵەوە هاوکاریت دەکەن، بۆئەنجامدانی ئەم یارییە ؟**

-بەڵێ زۆریش هاوکارمن منیش گرنگی زیاتر بەخۆم دەدەم بۆپێشکەوتنی خۆم لەم یارییە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاســی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە خزمەتێکی باشی یارییە جۆراوجۆرەکان دەکەن لەســەر ئاستی کوردستان بەبێ جیاوازی بۆ گشت شارەکان.



دیمانە: کاروان کانەبی

## بە فەرمی ئەدین هازارد بۆ یانەی چێلسی




یانەی چێلسی ئینگلیزی پاڵەوانی خولی یانەکانی ئەوروپا بە فەرمی رایگەیاند بۆندێکی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی بەلژیکا ئەدین هازارد مۆرکردووە، بۆندەکەی یاریزانی یانەی لیلی فەرەنسی لەگەڵ یانەی چێلسی بۆ ماوەی چوار ساڵە و بەنرخی ٣٢ ملیۆن پاوەندە، یاریزان هازارد بۆ ماوەی دوو ساڵ باشترین یاریزانی خولی فەرەنسا بـــووە و پێش ماوەیەك لە تویتـــەر رایگەیاندبوو کە پەیوەندی بە یانەی چێلسی دەکات سەرەرای ئەوەی کە هەردوو یانەکەی شـــاری مانچستەر(یونایتد و سیتی) داوای ئەم یاریزانەیان کردبوو. یاریزان هازارد لە یاریگای ستامفۆرد بریدج درێسی یانەی چێلسی بەرزکردەوە و لە لێدوانێکیدا خۆشـــحاڵی خۆی دەربڕی بە پەیوەندیکردنی بە پاڵەوانی خولی چامپیۆنز لیگ و لەمبارەیەوە هازارد گوتی : من زۆر خۆشحاڵم بە گەیشـــتنم بۆ یانەی چێلســـی، لە کۆتاییدا خەونە گەورەکەم هاتە دی، من زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی یاریکردنم لەگەڵ ئەم یانەیـــە گەورەیە. هازارد لە وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١ ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد و رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بەدەستهێنانی نازناوی خولی فەرەنســـا بۆ یانەی لیل، هەروەها لە وەرزی رابردوو ئاســـت بەرزی ئەم یاریزانـــە بەردەوام بوو و لەگەڵ یانەی لیل پلەی سێیەمی بە دەست هێنا و ٢٠ گۆڵی تۆمارکرد .

## رۆنالدینهۆ بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ مینیرۆ یاری دەکات

دوای ئەوەی یاریزانی بەناوبانگی بەرازیلی رۆنالدینهـــۆ بۆندەکـــەی لەگـــەڵ یانەی فلامینگۆ هەڵوەشـــاندەوە، لە دوای چەند رۆژێك یانەی ئەتلەتیکۆ مینیرۆی بەرازیلی بە فەرمـــی رایگەیانـــد بۆندێکی لەگەڵ یاریزانی ناوبـــراو مۆرکردووە، رۆ نا لد ینهـــۆ بۆ ند ە کـــە ی لەگـــەڵ یانەی فلا مینگـــۆ هەڵوەشـــاندەوە چونکە یانەکە نە یتوا نـــی مووچەکـــەی دابین بـــکات و رۆنالددینهۆ توانـــی لـــە رێـــگای دادگاوە بۆندەکـــە هەڵبوەشـــێنتەوە، یانـــەی فلامینگـــۆش تێهەڵچوونەوەی بەرامبـــەر بڕیاری دادگا پێشکەش نەکرد .

یاریـــزان رۆنالدینهـــۆ بـــە پەیوەندیکردنی بە یانـــەی ئەتلەتیکۆ مینیـــرۆ هیوادارە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و دەرگای بۆ بکاتـــەوە بۆ بەشـــداریکردن لەگەڵ هەڵبـــژاردەی بەرازیل لـــە یارییەکانی جامـــی کیشـــوەرەکانی ٢٠١٣ و جامی جیهانی ٢٠١٤ کە هەردوو پاڵەوانەتییەکە لەسەر خاکی بەرازیل ئەنجام دەدرێت .

رۆنالدینهۆی تەمەن ٣٢ ســـاڵ لە ســـاڵی ٢٠١٢ بەشداریکرد لە جامی لیبەرتادۆرس لەگـــەڵ یانەی فلامینگـــۆ، لە ٨ یاریيـــدا دوو گۆڵی تۆمارکردووە و ٨ گۆڵیشـــی دروســـتکردووە و لە یـــاری داهاتووی یانەی ئەتلەتیکۆ مینیرۆ بەرامبەر یانەی باهیا بەشـــداری لە خولی بەرازیل دەکات.




## پیلی : مـــیسی لە

ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیلی پیلی ناسراو بە گەوهەری تۆپی پێی جیهانی جارێکی بەراوردێکی ئەنجام دا لە نێوان ئەســـتێرەی ئەرژەنتینی لیۆنیل میســـی و ئەســـتێرەی پورتوگالی کریســـتیانۆ رۆنالدۆ لەلایەك و یاریزان میسی و ئەستێرەی لاوی بەرازیلی نیمار دا ســـیلڤا لە لایەکی دیکەوە، پیلی بەراشکاوانە میسی لـــە کر یســـتا نۆ رۆنالـــدۆ بە با شـــتر دەزانێت بەڵام بۆچوونەکەی بە ر ا مبـــە ر نیمار و میســـی جیـــاوازە، پیلی



# پلاتینی: ئیسپانیا و ئەڵمانیا پاڵێوراون بۆ جامەکەی یۆرۆ

میشێل پلاتینی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا هەریەك لە هەڵبژاردەکانی ئیسپانیا و ئەڵمانیای دەست نیشانکرد وەك دوو پاڵێوراوی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢ کە یارییەکانی لە هەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆکرانیا دەستی پێکردووە، پلاتینی لە دوای کۆبوونەوەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەو هەڵبژاردەیەی کە جامی یۆرۆ دەباتەوە خستە روو و گوتی : سەبارەت بەو هەڵبژاردانەی کە پاڵێوراون بۆ بەدەستهێنانی جامەکە من هەردەم جیاوازی لە نێوان ئەو هەڵبژاردانە دەکەم کە دەتوانن جامەکە ببەنەوە و ئەو هەڵبژاردانەی کە زەحمەتە تووشی دۆڕندن بێن، ئیسپانیا و ئەڵمانیا لە چینی یەکەمن کە دەتوانن جامەکە ببەنەوە و سەرجەم هەڵبژاردەکانی دیکە زەحمەتە تووشی دۆڕاندن بێن بە ئاسانی . هەروەها پلاتینی پێی وایە کە بچوکی تەمەنی یاریزانانی ئەڵمانیا فاکتەرێکی بە هێزدەبێت بۆ ئەوەی نازناوەکە بە دەست بهێنن، پلاتینی دەڵێت : تەمەنی یاریزانانی ئەڵمانیا لە تەمەنی یاریزانانی هەڵبژاردەکانی دیکە بچوکترە، ئەوەش یارمەتیان دەدات کە هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوەکە بدەن چونکە تویێنووی نازناون، لەهەمان کاتدا ئیسپانیا بەهەمان یاریزانەکانی پاڵەوانەتییەکانی پێشوو هەوڵ دەدات پارێزگاری لە نازناوەکە بکات، ئێمە دەبێ بێلایەن بین بەڵام بە پێی پێوەرەکان دەتوانین پاڵێوراوەکان دەست نیشان بکەین. جێگای ئاماژە پێکردنە پلاتینی لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا نازناوی یۆرۆی ١٩٨٤ بەدەست هێناوە و گۆڵکەری خولەکە بووە بە تۆمارکردنی ٩ گۆڵ .



# کریستیانۆ باشترە

لە لێدوانێکدا وتی : بێگومان میسی لە کریستیانۆ رۆنالدۆ زۆر باشترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کریستیانۆ وەك یاریزانێکی گەورە دەمێنێتەوە.

بەڵام سەبارەت بە بەراورد کردن نێوان میسی و نیمار، پیلی زۆر روون نەبوو لەمبارەیەوە گوتی : نیمار لە رووی تەکنیکەوە باشترە لە میسی چونکە نیمار لێهاتووترە، بە هەردوو قاچی چەپە و راستە یاری دەکات لەو کاتەی میسی زیاتر بە قاچی چەپە یاری دەکات، میسی ئەزموونی زیاترە و لە خولێکی گەورەی ئەوروپا یاری دەکات هەر بۆیە زیاتر بە دیار دەکەوێت .



# کاسیاس جیاوازی نێوان دیل بۆسکی و مۆرینهۆ ئاشکرا دەکات

ئیکەر کاسیاس کاپتن و گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید رایگەیاند جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڤیسینتی دیل بۆسکی راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا و جۆزێ مۆرینهۆ راهێنەری یانەی ریال مەدرید هەیە بە تایبەتی لە رووی کەسایەتی هەردوو راهێنەر، کاسیاس لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵێکی فەرەنسی گوتی : من ماوەی ١٢ ساڵە راهێنەر دیل بۆسکی لە یانەی ریال مەدرید دەناسم وادیارە من بەخت یاوەرمە چونکە ئەو ئێستا راهێنەری ئیسپانیایە، من شارەزای کەسایەتی ئەوم. هەروەها کاسیاس گوتی : جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دیل بۆسکی و مۆرینهۆ هەیە، یەکەمیان زۆر هێمن و ئاشتیانە مامەڵە دەکات بەڵام ئەم سیفەتانە لە مۆرینهۆ زەحمەت دەست دەکەوێت، لە ماوەی دووساڵدا زانیاری زۆر لە مۆرینهۆ فێربووین و متمانە لە نێوانمان دروست بوو. دەربارەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ راهێنەر مۆرینهۆ، کاسیاس گوتی : ئەو دوو ساڵەی رابردوو بۆ من زۆر گرنگ بوو، پێویستە پەیوەندی نێوان من و مۆرینهۆ باش بێت بە تایبەتی کە من کاپتنی تیپم، هەندێ جار جیاوازی دەبێت لە بۆچوونەکان بەڵام راگەیاندنیش ئەم جۆرە ناکۆکیانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان گەورە دەکەن، ئێمە پەیوەندیمان زۆر باشە کەچی تەنها باسی خاڵە ناکۆکییەکان دەکرێت .

شایانی باسە ئیکەر کاسیاس لەگەڵ راهێنەر دیل بۆسکی لە یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا یاری کردووە و ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی ماتادۆر بەشداری لە یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ دەکات .



# چەند یاریزانێکی بەناوبانگ بەشداری لە





■ دوای ئەوەی ڕۆژی پێنجشەممە لە هەردوو وڵاتی پۆڵەندە و ئۆکرانیا یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٢ دەستی پێکرد و چەندین یاری بەهێز بەڕێوەچوو، بەڵام بە پێویستمان زانی باسی چەند یاریزانێکی بەتوانا بکەین، کە بە هۆکاری جیاواز نەیانتوانی بەشداری لە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە بکەن، جا چ بەهۆی پێکان یاخود بەهۆی دوورخستنەوەی ڕاهێنەر یاخود بەهۆی دابەزینی ئاستی یاریزانەکە.■



### هەڵبژاردەی یۆنان

لە هەڵبژاردەی یۆنان ئەستێرەی بە توانای ئەم هەڵبژاردەیە ئەنجلیۆس کاریستیاس بەهۆی دابەزینی ئاستی لە هەڵبژاردەکەی دوورخرایەوە، کاریستیاس لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و خاوەنی گۆڵی نازناوی یۆرۆی ٢٠٠٤ە، کاتێك هەڵبژاردەی یۆنان لە هەڵبژاردەی پورتوگالی بردەوە.

### هەڵبژاردەی هۆڵەندە

لە هەڵبژاردەی هۆڵەندە دوو یاریزانی لاو بەهۆی دابەزینی ئاستیان لە ریزی هەڵبژاردەکەیان دوورخرانەوە دوای ئەوەی یاریزانی سەرەکی ئەم هەڵبژاردەیە بوون و بەشدارییان لە گەورەترین دوو پاڵەوانێتیە کردووە لە جامی جیهانی و جامی نەتەوەکانی ئەوروپا، ئەویش هەردوو یاریزان ئیلیا و رایان بابل.

### هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاریزانی هێڵی بەرگری ئەرنی فریدریتج دوای ئەوەی یاریزانی سەرەکی ئەم هەڵبژاردەیە بوو لە جامی جیهانی ٢٠١٠، بەڵام بەهۆی پێکان شوێنی خۆی لەم پێکهاتەیە لە دەستدا، لە هەمان کاتدا یاریزانی هێڵی هێرشبەر کاکاو بە بڕیاری ڕاهێنەر لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەم پاڵەوانێتیە دوورخرایەوە.

### هەڵبژاردەی پورتوگال

لە هەڵبژاردەی پورتوگال چەندین یاریزانی بەتوانا لەم پاڵەوانێتیە بەشداری ناکەن بەهۆکاری جیاواز، ریکاردۆ کارڤالیو یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی ریال مەدرید بەهۆی کیشەی لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی پورتوگال بەشداری لەم پاڵەوانێتیە ناکات و سیماو سابرۆسا و تیاگۆ بەهۆی وازهێنانیان لە یاریکردنی نێودەوڵەتی ناتوانن بەشداری بکەن.

ڕێبین ڕەمزی

# یۆرۆی ٢٠١٢ ناکەن



### هەڵبژاردەی ئیسپانیا

لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا کاپتنی یانەی بەرشلۆنە کارلۆس پیۆل بەهۆی پێکان لە پێکهاتەی وڵاتەکەی دوورخرایەوە بەهەمان شێوە یاریزانی یانەی بەرشلۆنە داڤیا، کە ئەم یاریزانە گۆڵکاری جامی نەتەوەکانی ئەوروپا و جامی جیهانی بوو، لە هەمان کاتدا ئەستێرەی یانەی ڤالنسیا سۆڵدادۆ بە بڕیاری راهێنەر لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی دووخرایەوە و یاریزان خوان کابدیڤیلا بەهۆی دابەزینی ئاستی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکە دووخرایەوە.

### هەڵبژاردەی ئیتاڵیا

لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا هەریەکە لە یاریزانان ئەلیساندرۆ ماتری و فابیۆ کوالیاریلا و سیمۆنی پیپی و جیانپاولۆپاتزینی بەشداری لەم پاڵەوانێتیە ناکەن، کاتێك هەردوو یاریزان ماتری و پاتزینی خراپترین ئاستی خۆیان لە خولی ئەمساڵی ئیتاڵیا پێشکەش کرد، بەڵام بانگهێشت نەکردنی هەردوو یاریزان کوالیارلا و پیپی جێگەی سەرسوورمانە، چونکە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی یانەکەیان بوون.

### هەڵبژاردەی فەرەنسا

لە هەڵبژاردەی فەرەنسا یاریزانی بەتوانای هێڵی بەرگری باکاری سانیا بەهۆی پێکان بەشداری لەم پاڵەوانێتیە ناکات و راهێنەری هەڵبژاردەیە فەرەنسا بەهۆی دابەزینی ئاستی بڕیاری دا یاریزانی یانەی مەلەگا تۆلالان لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی دووربخاتەوە بەهەمان شێوە یاریزانی سیسیە دوورخرایەوە.



### هەڵبژاردەی ئینگلتەرە

لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە کێشەیەکی گەورە لە هێڵی بەرگری ئەم وڵات دەبێت کاتێك راهێنەر بڕیاری دوورخستنەوەی ریو فیردیناند-ی دا و لە یارییە دۆستانەکان یاریزان گاریس باری تووشی پێکان هات بۆیە لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بەشداری ئەم پاڵەوانێتیە ناکەن و یاریزانی فرانك لامپارد بەهۆی پێکان دوورخرایەوە بەهەمان شێوە ئەستێرەی داهاتووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و یانەی مانچستەر یۆنایتد کریس سمۆلینگ.

### هەڵبژاردەی دانیمارك

لە هەڵبژاردەی دانیمارك یاریزانی بەتوانا تۆماس سۆرینسن بەهۆی پێکان ناتوانی بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکات.

# یانەی سەرچنار نازناوی بلیاردی کوردستانی بۆسلێمانی بردەوە

لەژێرچاودێری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان وبەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بلیاردی کوردستان و بەبەشداری ٣٥یانەی هەریەك لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی ودهۆك وکەرکوك ٧٢یاریزانی یانەکان لە شاری هەولێر لە هۆڵی مۆزارت پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی کوردستان لە یاری سنۆکەر ئەنجامدرا، لە پاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو بۆماوەی سێ رۆژ کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە لەهەردوو ئاستی لاوان وپێشکەوتوان، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی سەرچناروپێشمەرگەی هەولێر گەیشتنە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیەکە لە یاری کۆتایشدا یانەی سەرچنار توانی لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر بباتەوە بە ئەنجامی (٢-٠)گێم بردیەوەو بوونە پاڵەوانی خولەکە کە هەریەك لە یاریزانان محەمەدجەناب و رێژوان زۆراب لە یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر شوان محەمەد وبۆتان سەعدیان بردەوە بوونە پاڵەوانی خولەکە.

ئاستی لاوان

١-سەرچنار

٢-پێشمەرگەی هەولێر

٣-کەیوان

